# ئایا لەیلا زانا پرۆژەی بزاڤێکی مەدەنی مژدە هێنەرە؟

ئیبراهیم مەلازادە
Malazada86@hotmail.com

لە سەرەتای هەشتاکان لەسەر بەرگی یەکێک لە بڵاوکراوەیەکی کۆن بە ناوی نۆبەرە بێ ئەوەی ناوی نوسەرەکەی بنوسرێ نوسرابوو:

هەر کاروانێ
بەرەو تیشکی خۆر بڕوانێ
کەم بن یا زۆر
دەگەنە خۆر

ئەگەر چی تا هەنوکەش پێکهاتەی نەتەوەیی کورد پێکهاتەیەکی کرچوکاڵو نادروستە. بنەما بەهێزەکانی ئەو نەتەوەیە زیاتر دابەشبوونە لەوەی یەکبوون بێ، بەو مانایەی پێکهاتەی کورد پێکهاتەیەکی عائیلی، عەشائیری، ناوچەگەرییە. تا ئەم پێکهاتەیە شێوەی یەکەمی کۆمەڵگای کوردستانی بێ مەترسی لەسەر کورد زۆرە. تا وابێ دوژمن بە ئاسانی دەتوانێ دەست بەسەر بەسەر ئەو کۆمەڵگایەدا بگرێ. تا هزری نەتەوەبوون پانتایی یەکەم داگیرنەکات ناکرێ قسە لە داهاتوێکی ڕۆشن بکرێ. تا کۆمەڵگای کوردی هوشیاری نەتەوەیی بۆ دروست نەبێ ناکرێ قسە لە سەرکەوتنو بە ئاکام گەیشتنی هەوڵو کۆششەکان بکرێ. بەڵام ڕەورەوەی گەڕانە دواوە لە ژێر ئاسمانی هەموو ئەو هەڵومەرجە نێودەوڵەتیانەی کە جیهان پێیدا تێپەڕ دەبێ دەبێ بە مەحاڵ ببینین. ئەو تێڕوانینەش نەک لەبەر ئەوەی دونیاو هێزە زەبەللاحەکان دۆستی ئێمەن بەڵکو لەبەر ئەوەی ئیرادەی گۆڕان لە ناخی مرۆڤی کورد چەکەرەی کردووە، پێشخستنی ئەم گۆڕانەش پەیوەستە بە کۆمەڵێک فاکتەری هەنوکەیی بەپەلە، بەر لە خەون بینین بە دەوڵەتی نەتەوەییو یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستان بەتایبەتیش لە ژێر سایەی ئەو بارودۆخە دژوارانەی کە ناوچەکەمان پێیدا تێپەڕ دەبێ لە بەهێزی دوژمنانی کوردو یەکگرتنیان لەسەر بە هیچ نەگەیشتنی کورد. لەو فاکتەرە بە پەلانەش چاکردنی ڕەوشی دیموکراسیە لە هەر چوار پارچەکانی کوردستانو پێشخستنی بارودۆخی ڕۆژانەی خەڵکە لە ڕووی خوێندەواریو تەندروستیو ئابووریو ڕۆشنبیری. کە میللەتێک ئەو گیروگرفتانەی بوون ئەستەمە بتوانین قسە لەسەر نەتەوەبوونو هوشیاری نەتەوەیی بکرێ. ئاخر

ئەگەر کوردستانی باکوور بکەین بە نمونەو بپرسین: چەند ملیۆن خوێندەوارمان هەیە لەو بەشە پڕ لە نەهامەتیەی کوردستان؟ مەگەر هەمووما‌ن نازانین سیاسەتی بە تورک کردن تا سەر ئێسقان نەخشی خۆی داڕشتووەو تورکی بووە بە زمانی یەکەمی ملیۆنەها مرۆڤی کورد لەو بەشەدا. ڕەوشی ئابووریو نائارامی لەو بەشەدا وای کردووە ملیۆنەها کەس کۆچ بکەن بۆ شارە تورکیەکانو لەوێش ڕووبەڕووی تاوانەوە ببنەوە، لە سایەی ئەو ڕەوشە ئابووریە خراپەو دابین نەبوونی کەمترین هۆیەکانی ژیان نەک هەر پێکهاتەی کوردبوونیان بەڵکو پێکهاتەی ئینسانی بوونیشیان بکەوێتە ژێر مەترسی. ئەوانەش کە لەسەر زێدی خۆیان ماونەتەوە، ڕووبەڕووی دژوارترین ڕەوشی ئابووریو ڕۆشنبیریو نائارامی دەبنەوە. ئاخر لەگەڵ ئەو هەموو پاڵەپەستۆیەی لەسەر ڕژێمی تورکیا هەیە بۆ بە ئەندام بوون لە یەکێتی ئەوروپا تا هەنوکەش ئامادە نیە دان بە نەتەوەیی بوونی کورددا بنێت، ئەو نیو سەعاتەی کە ماوەی زمانی کوردی داوە لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن، نەک بە ناوی زمانی کوردی بەڵکو لە ژێر تیتڵی بەشی زاراوەکان. بە مانای ئەوەی کە زمانی کوردی زاراڤایەکە لە زمانی دایک کە زمانی تورکیە، ئەوەتا لە یادی دامەزراندنی کۆماردا ڕۆژی 28 ی ئوکتۆبەر نەجدەت سیزاری سەرەک کۆمار لە وتارەکەی خۆیداو لە وەڵامدانەوەیەکی ناڕاستەوخۆیدا بۆ لەیلازانا گوتی: *(لە ترکیادا هەموو کەس تورکن. هەروەها گوتی کۆماری تورکیا تەنها لە لایەن تورکانەوە ئاوەدان کراوەتەوە).* *هەروەها سەرۆک ئەرکانی ئۆردی تورکیاش حلمی ئۆزکۆکی گووتی: تورکو تورکیا کوردان وەکو میللەت یان وەکو کەمینە قبوڵ ناکەن*.* ئەمەیە عەقلی کەمالیزمو ئەو عەقلەی کە دەیەوێ بچێتە ڕیزی دەوڵەتە ئازادەکان، ڕەفتار کردن لەگەڵ ئەو عەقڵە پشودرێژیەکی هوشیاری نەتەوەییو ڕۆشنبیریەکی گەورەی گەرەکە. بزاڤێکی مەدەنی لە خۆبووردووی پێویستە. ڕابەرایەتی ئەو بزاڤە دەبێ دەرکی هەموو مەترسیەکانی کردبێو ستراتیژیەتێک داڕێژێ بۆ تێکشکاندنی هەموو ئەو کۆسپو تەگەرانەی ئەمڕۆو لە داهاتووش لەبەردەمیاندا قیت دەبنەوە.

پێم وایە ئازادبوونی لەیلا زاناو هەڤاڵانی سەرەتاییێکی باشە بۆ دەست پێکردنی ئەو بزاڤە مەدەنیەو یەکەم هەنگاوێکیش کە هاوێشتی لە دەروازەی ئەوروپاوە بوو.

تورکەکان ساڵەهایە مردووی ئەوەن بکەونە ناو یەکێتی ئەوروپا. ئەو هەوڵو کۆششەیان ئەگەر بە شێوەیەکی ئەبستراکت (مجرد) وەربگرین بێ ئەوەی تەماشای

ئەوڕوپا بکەین، پێم وایە گرێیەکە لە ناخی ئینسانی تورکو ناتوانێ لێی ڕزگار بێ. ئەو گرێیەش ئەتاتۆرک دروستی کردووە. ئەو ئەندازیاری ڕابردوو ئێستاو لەوانەیە تا ماوەیەکی درێژیش ئەندازیاری داهاتووشیان بێ. ئاخر تا ئەو ساتەش ئەو پیاوە لە ناو گۆڕەکەیدا پێشەوایەتی نەتەوەیەک دەکات. تەنها یەک نەتەوەو یەک زمان لە تورکیا ئەو گۆڕە بوو کە ئەتاتۆرک هەڵی کەند بۆ گەلانی تری ئەو وڵاتە، بە تایبەتیش دوا بە دوای ئەو زنجیرە ڕاپەڕینانەی دوای ڕزگاربوونی تورکیا سەریان هەڵدا، دوای ئەوەی ئەتاتۆرک لە گفتو بەڵێنەکانی پاشگەزبوویەوە. تا هەنوکەش لە 2004 دا تورک هەر پێیان وایە ئەوەی ئەتاتۆرک گوتوویەتی ڕاستیەکەو نکوڵی لێناکرێ، ناتوانن دەسبەرداری تەنها یەکێک لە ڕێنوێنیەکانی ئەو پیاوە بن.

هاتنی ئەوو هاتنی لینین لە زەمەنێکی لەیەک نزیکدا بوون. بەراوردێکی کەم لە نێوان ئەو دوو پیاوە ڕاستیەکان زۆر بە تەواوی ئاشکرا دەکات کە ئەتاتورک عوقدەی بە ڕۆژئاوابوونی تا سەر ئێسقان تیادا زیندوو بووە. ئەو عوقدەیەش نەک لە ڕووی گەوهەرەوە بەڵکو تەنها لە ڕووی ڕواڵەتەوە ئامادە بووە.

لینین دێ لیژنەیەک دروست دەکات بۆ وەرگێڕانی هەر چی کتێبو گۆڤارو لێکۆڵینەوەی زانستە تەکنۆلۆژیو پێشکەوتووەکان هەیەو بۆخۆشی دەبێت بە سەرۆکی ئەو لیژنەیە، تا لە ئاکامدا یەکەم وڵات دەبن دەگەنە ئاسمانو تا زەمەنێکی زۆر دەوڵەتی سوپەرپاوەر دەبن لە دونیا، مەگەر عەقلیەتی دیکتاتۆریەتی چینگەرایی نەبوایە لەوانە بوو تا ئەمڕۆش جەمسەری یەکەم هێزی سەر زەوی بوان. بەڵام لە هەمان زەمەندا ئەتاتۆرک دێت یەکەم کاری سەپاندنی شەبقەی ڕۆژئاواییە بەسەر مرۆڤی تورکیاو مرۆڤی تورک دووچاری هەڵوەشاندنەوەیەکی ناسروشتی دەکات، پێکهاتەیەکی نامۆی لێ دروست دەکات. تا لە ئاکامدا تورکیا دەبێتە ئەمبارێکی گەورەو زەبەلاحی کەلوپەلی ڕوژئاواو مرۆڤی تورکیش دەکەوێتە نێوان چەند بەرداشێکی بێ سۆزو بەزەیی. ئەو مرۆڤە لەسەرێک موسوڵمانەو لە ڕووی کولتوریو ڕەفتارەوە تا سەر ئێسقان جیاوازە لە مرۆڤی ڕۆژئاوا. لەسەرێکیش دەیەوێ ببێتە ئەندام لە یانەی کریستیانی ئەوڕوپا، بەڵام بە عەقڵێکی کۆنەپەرستی دواکەوتووی شۆفێنیستانە. لەسەرێک عوقدەی خۆ بە زۆر زانینو تورک بوونو بەختەوەربوون، لەسەرێکیش ئەوەندە زەلیلو سواڵکەر دێتە پێش چاو بۆ گەیشتن بە بەهەشتی ئەڕوپا بە هیچ قسەو ڕاگەیاندنێکی بەرەی دژ بە ئەندامبوونیان بۆ ئەروڕوپا تەریق نابنەوە. ئۆردۆغانی ئیسلامی باش دەزانێ ئەوەی ئەو دەیکا دژ بە

عەقیدەو کولتورەکەیەتی. ئەگینا بە تاوان نەناسینی زینا لە تورکیاو لادانی لە یاساو ڕێساکانی ئەو وڵاتە پێچەوانەی ئاشکرای دەقە پیرۆزەکانیانە. بەڵام بەرژەوەندیو گەیشتن بەو بەهەشتە پێویست دەکات لە هەموو سەروەریەکانی کولتوری دابەزێو تا سەر ئێسقان کاڵ بێتەوە. دوو ئیرادەی تەواو جیاواز لە ناخی مرۆڤی تورکدا لە جمووجۆڵ دایە. ئەگەر لە جیاتی جوێنی ئاسایی بە تورکێک بڵێی کریستیان وەکو گوللەیەکت لێدابێ وایە، بەڵام لە هەمان کاتیش ئەوە هەڵپەیانە بۆ بوون بە ئەندام لەو یانە کریستیانیەدا.

لێرەدا سیاسەتمەدارانی کورد ڕەفتار لەگەڵ ئەو عەقڵە دژوارەدا دەکەن کە لە نێوان دوو ئیرادەدا گیری خواردووە. دەبێ کار لەسەر هەموو ئەو فاکتەرە لاوازانە بکرێ کە سەرانی تورک تێی کەوتوون. دەبێ وشیارانە هەموو گفتو بەڵێنەکانی سەرانی تورک بخرێتە سەر مەحەکی ڕاستگۆییو تاقی بکرێنەوە. ئەوەش بە پتەوکردنو بە گووڕکردنو بەرەوپێشەوە بردنی بزاڤی مەدەنیو کارکردنە لەسەر گێڕاندنەوەی متمانە بە خۆبوونو هەنگاونان بەرەو دروستکردنەوەی کەسایەتی کورد، وێڕای سوود وەرگرتن لە والاکردنی دەروەکانی ئەوروپاو قۆزتنەوەی ئەم دەرفەتە بۆ پێشخستنی دیالۆگو زیاتر ناساندنی کێشەکە، بە ئاگاداربوون لەوەی کە ئەوروپاش بە دوای بەرژەوەندیەکانی خۆیدا دەگەڕێو جارێکی تر کورد وەکو کارت بەکار نەهێنرێنەوە.

*{لە جیهانێکدا هەر شت ناوی خۆی هەیە، تەنها کورد بێ ناون" " پێویستە جیهانو ئەوروپا 40 ملیۆن کورد بناسن، کورد بۆ بەشداری کردن لە ژیانێکی نوێ ئامادەکاری خۆیان پیشان داوە، پێویستە دەوڵەتانی جیهانیش ڕێز لە ئیرادەی کوردان بگرن" "یاسای کۆپنهاگن بە گەوهەر نا بە ڕواڵەت کاری پێدەکرێ"}** ئەوانە چەند سەرە دێڕێکی وتارەکەی بەڕێز لەیلازانان لە پەرلەمانی ئەوروپا. ئەو سەرە دێڕانە کۆمەڵێک مەغزاو ناوەرۆکی گەورە وەخۆ هەڵدەگرن. دەکرێ بڵێین هەوێنی عەقلیەتێکی هوشیارنو سەرەتایێکی باشە بۆ ئەو بزاڤە مەدەنیە گەورەی کە ئەو عەقلیەتە پوچەی تورک تێک بشکێنێو لە ئاکامدا ئیعتیبار بۆ مرۆڤی کورد بگێڕێتەوە. بۆیە حەقی خۆشمانە بپرسین ئایا دەشێ لەیلا زاناو هەڤاڵانیشی هەڵگری بۆنو بەرامی غاندیو ماندێلاو کەڵە مرۆڤانی ڕابەرو لەخۆ بووردووی بزاڤی بە ئاکامگەیشتووی نەتەوەکانی دونیا بن؟ دەکرێ پێشبینی ئەوە بکەین دوای چەند ساڵی داهاتووی پڕ لە هەوڵو بەرخودان لەیلا زانا

کاندید بکرێ بۆ جائیزەی نۆبێلی ئاشتی؟  کورد لە مێژە خوێن بۆ ئامانجە نەتەوەییەکانی دەرێژێ، بێ ئەوەی پێکهاتەی کورد لە گەوهەردا پێکهاتەیەکی تەواو نەتەوەییو ئامادە بووبێ بۆ ئەو ڕووبەڕووبوونەوە دژوارە. ئەمڕۆ کاتی ئەوەیە لە جیاتی زیاتر خوێن ڕشتن ئارەقە برێژین. ماندوو بین، لە خۆ بووردو بین. تورکیا تا چەند دەتوانێ ڕووبەڕووی داوارەواکانی کورد بێتەوە؟ تا کەیو چەند خەڵک ڕاپێچی زیندانەکان دەکات؟  سەدان، هەزاران، ملیۆنان؟ ئەم بەرەو زیندان ڕاپێچکردنە تا سەر مومکین نیە، نە ئەوان ئەو توانایەیان تیادا ماوەو نە بارودۆخی نێودەوڵەتیش ئەو کارە قبووڵ دەکات، جگە لەوەی کە ئەوان لە بەرامبەر تاقیکردنەوەیەکی گەورەدان بۆ هەڵکشان بۆ بەهەشتی ئەوروپا. هەرچەندی تر زیندانی دەکەن گرنگ نیە. ئەوە لەیلا زانایەو دوای دە ساڵ زیندان توندترو دامەزراو ترو متمانەی بە خۆ زیاتر دەبێ. بەو پێوەرەش بێ تورکەکان لە زیندانەکانیاندا لەیلای ترمان بۆ پێدەگەیەنن!
لەو بڕوایە دام ئەگەر ئەو شێوە خەباتە برەوی پێبدرێو لە توانای کۆمەڵێک کادیر تەشەنە بکات بۆ بزاڤێکی جەماوەری گەورەو یاخی بوونی مەدەنی بکەنە یەکێک لە شێوازە هەرە گرنگەکانی خەبات ئەوا پێوستمان بە ئاراقە ڕشتنێکی زۆرترە لە خوێن ڕشتن. پێشینانیش گوتوویانە: ئارەقەی نێوچاوان لە فرمێسکی چاوان بە نرخ ترە. لەو حاڵەتەشدا ئومێدەوارم لەیلا زانا ببێتە داگیرسێنەری مەشخەڵی ئەو شێوە خەباتە لە کوردستاندا.

- ماڵپەڕی کەرکوک کوردستانە، ڕاگەیاندنەکانی نەجدەت سیزار.

http://www.kerkuk-kurdistan.com/nuceyek.asp?ser=1&cep=1&nnimre=4280

- ماڵپەڕی مەدیا نێت، دەقی وتارەکەی بەڕێز زانا بە زمانی کوردی.

http://www.mediya.net/xeber/

http://www.pcdk.com/Roji%20Welat/2004-16_1.PDF